

# ئەنتۆنیۆ گرامشی (١٨٩١-١٩٣٩)

نوسینی: دکتۆر حسێن بەشیریە

وەرگێڕانی: نێگەتیڤ

گرامشی لە دوورگەی ساردینی لەدایکبوو و لە زانکۆی (تۆرین)یش زمانناسیی خوێند و هەر لەم سەردەمەدا لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی ئەو شارە پیشەسازییەدا ئاشنا بوو و هاوکاتیش چووە ناو حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیاوە. ساڵی ١٩١٤ وازی لە خوێندن هێنا و بەعەمەلی دەستیدایە چالاکیی سیاسی و شۆڕشگێڕانە و، لە بزووتنەوەی شورا کرێکارییەکانی (تۆرین)دا دەستبەکار بوو و، ساڵی ١٩١٧یش وەک سکرتێری بەشی تۆرینی حیزبی سۆسیالیست هەڵبژێردرا. بەهۆی سەرهەڵدانی دووبەرەکی و ئینشیقاقەوە لە حیزبدا و، لە ئەنجامی ناکۆکییەکانی ناو ئەنتەرناسیۆنالی دووەمەوە، گرامشی پشتیوانیی لە بۆچوونەکانی لینین کرد بەبێ ئەوەی لەو سەردەمەدا بەڕوونی تێبگات جیاوازیی بۆچوونەکانی خۆی چیە لەگەڵ بۆچوونەکانی لینیندا، لەکاتێکدا ئەم پشتیوانیی لە شورا کرێکارییەکان دەکرد و لینینیش داکۆکیی لە حیزبی بچوکی شۆڕشگێڕان دەکرد [بۆ ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕش]. ساڵی ١٩١٩ گۆڤاری (نەزمی نوێ) وەک زمانحاڵی بزووتنەوەی شورا کرێکارییەکان بە کۆمەکی گرامشی و تۆگلیاتی(کە لە سەرکردەکانی دواتری حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا بوو) بڵاوبووەوە و، ئەم گۆڤارە نوێنەری بۆچوونەکانی ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم بوو لەناو حیزبی سۆسیالیستدا. سەرەنجام لە ساڵی ١٩٢١ حیزبی سۆسیالیست دووچاری کەرتبوون(ئینشیقاق) بووەوە و گرامشی پشتیوانیی لە دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیست کرد و خۆیشی یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی. وێڕای ئەمەش، گرامشی لەسەرەتادا شوراکانی بە ناوەندی سەرەکیی چالاکیی شۆڕشگێڕانە دەزانی نەک حیزب بە مانا لینینییەکەی، هەر لەم ڕووەشەوە بوو کە کەسانێک ئەویان بە لایەنگری سەندیکالیزم دادەنا [سەندیکالیزم واتە کرێکار لە سەندیکادا خۆی خەبات بکات لەپێناوی مافی خۆیدا و نەیپەرژێتە سەر ڕەهەندەکانی تری گۆڕانکاریی کۆمەڵگا]. هەرچۆنێک بێت گرامشی ڕۆڵێکی دیاری لە حیزبدا هەبوو، گەرچی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە حیزب بەتەنیا ناتوانێت بەرەنگاری برەوی ڕوولەهەڵکشانی فاشیزم ببێتەوە، بەڵکو دەبێت شورا کرێکارییەکان ئەرکی سەرەکیی خۆی لەم نێوانەدا بگرێتەئەستۆ. بە دیدی ئەو، سیمای ڕاستەقینەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، شورا کرێکارییەکان بوون نەک حیزبە سیاسییەکان، هەروەها دەبوو حیزبی کۆمۆنیست لە پەراوێزی ئەو شورایانەدا کاربکات. دیارە هەڵوێست و بۆچوونی لەم جۆرە نەدەبووە جێی پەسن و پێشوازیی کۆمێنتێرن[کۆمێنتێرن واتە ئەنتەرناسیۆنالی سێیەمی حیزب و لایەنە کۆمۆنیستەکانی دونیا کە لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا پێکهێنرا]. لە کاردانەوەی ئەمەدا، کۆمێنتێرن لە کۆنگرەی پێنجەمی خۆیدا لە بەرواری ١٩٢٤ لە مۆسکۆ ڕایگەیاند پەرەسەندن و فراوانبوونەوەی بزووتنەوەی شورا کرێکارییەکان بەر لە شۆڕش کاری نەکردەیە. گرامشی لە هەمان ساڵدا وەک سکرتێری گشتیی حیزبی

کۆمۆنیستی ئیتالیا هەڵبژێردرا و، خەباتی دژی فاشیزم دەستپێکرد، چ لە ناوەوە یان دەرەوەی پارلەماندا بێت. لە ئەنجامی ئەم چالاکییانەدا، ساڵی ١٩٢٦ دەسگیرکرا و لە دادگاییەکەیدا لە ساڵی ١٩٢٨ بە بیست ساڵ زیندان سزادرا. گرامشی لە زینداندا بەشێوەیەکی سەیر و نائاسایی درێژەی بە چالاکیی فیکریی خۆیی دا و، لە ماوەی نێوان ١٩٢٩ تا ١٩٣٥، ٢٢ بەرگ یان دەفتەری نوسی کە دەکاتە ٣٠٠٠ لاپەڕە دەربارەی فەلسەفە و سیاسەت و ئەدەبیات. ئەم نوسراوانە دواتر بەناوی یاداشتەکانی زیندان[ prison notebooks]ـەوە چاپ و بڵاوکرایەوە. سنوردارییەکانی ژیان لە زینداندا ناچاریکرد کە زیاتر بە زمانی خوازە و میتافۆر و تەمومژ بنوسێت، یاخود سانسۆر بخاتەسەر خۆی. پاش چەندڕۆژێک بەربوون لە زیندان(بەهۆی کەمکردنەوەی ماوەی زیندانەکەی) لە نیسانی ١٩٣٧ لە نەخۆشخانە کۆچی دواییکرد.

ئایدیا سیاسییەکانی گرامشی، وەک ئاماژەمان پێدا، سەرەتا لە گۆڤارە سۆسیالیستییەکانی وەک **نەزمی نوێ** ـەوە دەرکەوت. بیرە سیاسییەکانی، سەرەتا بەهۆی خولیا جیاجیاکانیەوە ئاوێتەیەک بوو لە ئایدیای جیاجیا سەبارەت بە کەلتور و ڕووناکبیری، فەلسەفە، ئەدەب. ئینتیما و ئارەزووی بۆ فەلسەفەی ئایدیالیستیی (بندیتۆ کرووچە)ی فەیلەسوفی هیگڵیی ئیتالیا. لەڕووی سیاسییەوە، گرنگترین ناواخنی ئایدیاکانی بریتیبوون لە کاردانەوەیەک بەڕووی شۆڕشی فەرەنسادا. ئەو هەر لەو سەرەتایەوە جەختی لەسەر هەلومەرجی فیکری و ڕۆحیی شۆڕش دەکردەوە. **بە بۆچوونی ئەو، پێشەکی و پێشزەمینەی هەر شۆڕشێک بریتییە لە ئامادەسازی و کاریگەری [و هەیمەنەی] کەلتوری و ڕەخنە و بڵاوکردنەوەی فیکر و بیروباوەڕەکان: شۆڕشی فەرەنسا بە چالاکیی فیکری دەستی پێکرد. بە هەمان شێوە، شۆڕشی سۆسیالیستییش پێویستی بە ئامادەسازیی کەلتوری و فیکرییە نەک بەتەنیا چالاکیی سیاسی و سەربازی. ڕێکخراو و شورا کرێکارییەکان ئەرکی ئامادەسازییە کەلتورەکەیان لەئەستۆیە.** دیارە ڕوودانی شۆڕشی ڕوسیا هاوشان نەبوو لەگەڵ ئامادەسازییەکی کەلتوریی لەم جۆرەدا، بەڵکو بەگوێرەی تیۆرەکەی لینین سەبارەت بە چالاکیی شۆڕشگێرە پیشەیی و خۆتەرخانکەرەکان، سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو. لەگەڵ ئەمەشدا، گرامشی پشتیوانیی لە شۆڕشی ڕوسیا دەکرد لەبەرامبەر بۆچوونی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکانی وەک کایۆتسکیدا [کە پێیان وابوو مێژوو خۆی هەلومەرج بۆ شۆڕش دەڕەخسێنێت و سەرمایەداری ناکۆکییەکانی خۆی دەردەخات]. لەگەڵ ئەمانەشدا، گرامشی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە شۆڕشی ڕوسیا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەتیی ئەو وڵاتە، تەنیا هەڵاوێرد و ئاوارتە(استثنا)یەک بووە؛ چونکە هیچ جۆرە ئامادەباشییەکی

کەلتوری و ڕووناکبیری لەنێوان کۆمەلانی خەڵکی ئەو ولاتەدا ئەنجامنەدرابوو، و شۆڕش بە ئیشی کەمینەیەکی شۆڕشگێڕ دادەنرا. تازە مادام شۆڕش ئەنجامدراوە، ئەوا بۆ خۆپاراستن لە دیکتاتۆریەتی کەمینە، دەبێت بزووتنەوەی شورا کرێکارییەکان دەسەڵاتی سیاسی بگرێتەدەست. ئەو وێنەیەی کە گرامشی بۆ کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دەیخاتەڕوو، بەپێچەوانەی وێنە لینینییەکەوە، کۆمەڵگایەکی ئازاد و ناسەنترالە کە تیایدا دەسەڵات دەکەوێتە دەستی شورا خۆبەڕێوەبەرەکان [جێی بیرهێنانەوەیە کە یەکێک لە دروشمە بەردەوامەکانی لینین بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بریتی بوو لەوەی دەبێت شوراکان دەسەڵات بگرنەدەست]. هەڵبەت گرامشی لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێت شێواز و ئسلوبی بەلشەفیکەکان بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم لە ئەورووپاشدا بەکاربهێنرێت، بەڵام ناتوانرێت داهاتووی سۆسیالیزم لەسەر بنەمای ئەم شێواز و تاکتیکانە بنیاتبنرێت.

هەروەها پێویستە میتۆدە حیزبی و بەلشەفیکی و لینینییەکان لەپاڵ ڕێکخراو و دامەزراوە کرێکارییەکاندا بەکاربهێنرێت. بە دیدی گرامشی، حیزب و یەکێتیی کرێکاری بەرهەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری و بۆرژوازییە و ناتوانێت ڕوکن و بنەماکانی سۆسیالیزم پێکبێنێت. تەنیا دەتوانین شوراکان و ڕێکخراوەکانی بەرهەمهێنەران بە ڕەگەزگەلێک بزانین کە بە زات و سرووشتی خۆیان سۆسیالیستیین. شورای بەرهەمهێنەرانی کارگەکان و شوێنکارەکان، بەشێوەیەکی جیا، هەم یەکەی ئابوریین و هەم سیاسییش. بۆیە لینینیزم، چ وەک ئامرازی شۆڕش و چ وەک ئامانج و ناوەڕۆکی سۆسیالیزم کافی نیە و لەوانەشە بکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ سۆسیالیزمدا. دیارە بۆچوونەکانی گرامشی، بەهۆی زیادبوونی ئینیتیمای بەلشەفیکییەوە لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیادا و، بەهۆی فراوانبوونی بالادەستیی کۆمێنتێرن و سەرکوتکردنی شوراکان لە یەکێتیی سۆڤیەتدا، گۆشەنشیندەکرا و دەکەوتە پەراوێزەوە. بۆیە هەڵبەز و دابەزی فیکریی ئەو لەنێوان حیزب و شورادا، بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک تەمومژ لە فیکریدا، و دواتر حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا و ستالینییەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان سودیان لەم ناڕوونییە بینی و، نکۆڵییان لە جیاوازیی بنچینەیی دەکرد لەنێوان بۆچوونەکانی لینین و گرامشیدا. بەهەرحاڵ، گرامشی نوتفە و تۆوی دەوڵەتی سۆسیالیستیی ئایندەی تەنیا لە شورا کرێکارییە بەردەستەکاندا دەبینی، گەرچی حیزبیشی وەک ئامرازێکی پێویست دەبینی بەڵام بە ترسناکیشی دادەنا بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات.

لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، گرامشی، وەک لە (یاداشتەکانی زیندان)یشەوە دەردەکەوێت، بە نیاز بوو هاوشێوەی مارکس کە فەلسەفەی هیگڵی ئاوەژوو کردبووەوە، ئەمیش فەلسەفەی (کرووچە) ئاوەژووبکاتەوە و لەو ڕێگەیەوە دەستی بە ماتریاڵیزمی واقیعیدا بگات، واتە مارکسیزم بنیات بنێتەوە و سەرلەنوێ بیبووژێنێتەوە و لە خەسڵەتە عامیانە و سیاسەتزەدەکەی ئێستای ڕزگاربکات. بە دەربڕینێکی تر، لە مارکسیزم فەلسەفە و کەلتورێکی جەماوەری درووستبکات وەک کەلتوری پرۆتستانیی بزووتنەوەی ریفۆرمی دینی یان فەلسەفەی ڕۆشنگەری لە فەرەنسا یاخود ڕێنیسانس لە ئیتالیا؛ کەلتورێک کە هاوکات بەشێوەیەکی دیالەکتیکی هەڵگری سیاسەت و فەلسەفەش بێت. بەم جۆرە، گرامشی، وەزیفەی سەرەکیی خۆی بە تێهەڵکێشکردنی مارکسیزم و ئایدیاڵیزم دەزانی، ئەویش بەمەبەستی ئامادەکردنی فەلسەفە و کەلتوری شۆڕشی سۆسیالیستی. سەبارەت بەوەی بۆچی مارکسیزم پێویستی بە تێکردنی خوێنێکی ئایدیاڵیستیی تازەیە، گرامشی لەو باوەڕەدایە کە مارکسیزم بەو واتایەی لە قۆناغی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ڕوسیادا برەوی پەیداکردووە، تووشی گەنین و گەندەڵی هاتووە و زیاد لە ڕادە میکانیکی و ماتریاڵیستی بۆتەوە...ماتریاڵیزمی میکانیکیی ستالین بووە جێگرەوەی دیالەکتیکی مارکس. سەرباری ئەوەی مارکسیزم لە [فۆرمی] لینینیزمدا، خەسڵەتێکی تەواو سیاسی و خاڵی لە ڕەهەند و فاکتەری کەلتوری و ئەخلاقیی وەرگرتووە؛ نکۆڵی لە هەر جۆرە کاریگەرییەکیش دەکرا بۆ فاکتەری کەلتوری و ئەخلاقی...لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بەم جۆرە، گوایا مارکسیزمی ڕووسی جگە لە ئایدۆلۆژیایەکی عامیانە و مۆبیلیزەکار زیاتر نەبوو. لادان لە مارکسیزم بە دیدی گرامشی لەوێوە دەستی پێکردبوو کە لینین بەهۆی پێداگرتنەوە لەسەر پراکتیک و ڕێکخستن(تەنزیمات) و شۆڕش ناچاربوو مارکسیزم سادەبکاتەوە. بۆیە لینینیزم تاڕادەیەکی زۆر، بەرپرسە لە عامیانەکردنەوەی مارکسیزم. لینین، میراتی فەلسەفیی مارکسی گۆڕی بۆ ڕوانینێکی پراکتیکی و پراگماتی. پراکتیکی سیاسی، بە دیدی گرامشی، پێویستی بە ئایدیاڵیزمی فەلسەفییە، لەکاتێکدا لینینیزم وەکو ڕوانینێکی سادەگەرا، لە قووڵیی ئەرکی فەلسەفی و کەلتوری تێناگات. سەرەڕای ئەمانەش، لەڕوانگەی گرامشییەوە، تیۆری پراکسیسی مارکسی، زەرورەتی فەلسەفەی لەناونەبردووە. سیاسەت هەمیشە هەڵگری ڕەهەندێکی فەلسەفی دەبێت و، بەتایبەت ڕوودانی هەر شۆڕشێک پێویستی بە ئامادەکاری و ئامادەسازیی فەلسەفییە. بەدەستهێنانی ئازادیی ڕاستەقینە، لەڕێگەی تاکتیکەکانی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسییەوە لەڕێگەی کەمینەیەکی شۆڕشگێڕەوە بەو جۆرەی لینینییەکان

مەبەستیان بوو بەدەستنایەت. هەر شۆڕشێک، بە شۆڕشکردن لە بیروباوەڕەکان و ئەخلاقدا دەستپێدەکات لە ئاستی کۆمەڵانی خەڵکدا. لە چاوی گرامشییەوە، بەدیهاتنی شۆڕش پێویستی بە گۆڕانکارییە لە دونیابینیدا و، سەرهەڵدانی سیستەمێکی فیکری و ئەخلاقیی نوێیە. لەم ڕووەوە، شۆڕش هەر لەبنچینەوە ئەرکێکی فەلسەفییە. لەم ڕووەوە مارکسیزم بە دیدی گرامشی، پێویستە وەک بزووتنەوەی ڕیفۆرمی نوێ دەرکەوێت نەک وەک تاکتیک و ستراتیژی شۆڕشی سیاسی. **لەگەڵ ئەمەشدا، جەختکردنەوەی گرامشی لەسەر ڕەگەزی فەلسەفە و کەلتور و ئایدۆلۆژیا لە شۆڕشکردندا، بە هیچ جۆرێک بە مانای نەفیکردنی زەروورەتی پراکتیکی سیاسی نەدەهات لەژێر ڕێبەرایەتیی حیزبێکی ڕێکخراودا.** بە دیدی گرامشی، نەفیکردنی ئەو دیسپلینە حیزبییەی کە لینین مەبەستی بوو، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر ڕەگەزی خۆڕسکانە لە شۆڕشکردندا، تەنیا دەتوانێت بیانوویەک بێت بۆ خۆدوورگرتن و بێباکی و کەمتەرخەمیی سیاسی. بەتایبەت لە هەلومەرجێکی قەیراناوییدا کە دەرفەتی دەگمەن بۆ شۆڕشکردن دێتەپێشەوە، سودوەرگرتن لە شێواز و ئسلوبە لینینییەکان زەروورەتێکی حەیاتی وەردەگرێت. بەدەر لەم حاڵەتە، عادەتەن بزاڤە ڕاسترەوەکان بەهۆی خرۆشاندنی بیروباوەڕی گشتییەوە، سود لە بارودۆخی داڕووخانی نەزمە کۆمەڵایەتییەکە دەبینن و دەسەڵات دەگرنەدەست. بەڵام مەترسییەکە لەوێدایە کە ڕەنگە حیزب وەکو ئامرازی دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا وەرگەڕێت بۆ «بۆرۆکراسییەکی سەنترالی بۆناپارتیستی». هەروەها گرامشی گومان و دوودڵیی هەبوو دەرهەق بەو سنورەی کە حیزب دەتوانێت لەپێشی بزووتنەوەی جەماوەرییەوە بڕوات و، خولیا ڕاستەقینە و درێژخایەنەکان بخاتە بەرامبەر خولیا درۆیینە و کورتخایەنەکانەوە. هەرچۆنێک بێت حیزب ئامرازی بزاڤی جەماوەرییە و فەلسەفە ئەو بزاڤە گرێدەدات بە پراکتیکەوە. لێرەوە بە دیدی گرامشی، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بەهۆی لینینەوە «ڕووداوێکی فەلسەفی» بووە، چونکە بە دەسپێکی عەمەلیکردنەوەی مارکسیزم دادەنرێت وەک فەلسەفە. لەڕاستییدا هەر فەلسەفەیەک جۆرێکە لە سیاسەت و پێویستی بە حیزبی تایبەتی خۆیەتی. یەعقوبییەکان(ژاکۆبنەکان) حیزبی فەلسەفەی ڕۆشنگەریی فەرەنسا بوون، یان بە وتەی گرامشی خۆی، بە "میری نوێ"ی ماکیاڤێلی دادەنران، واتە نوێنەری ئیرادەی دەستەجەمعی بوون... گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕییەکانیش تەنیا بەهۆی سەرهەڵدانی "ئیرادەی دەستەجەمعی"ـەوە دەڕەخسا. ئەم ئیرادە دەستەجەمعییە، زەمینەی سەرەکیی سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ، سیستەمێکی نوێ و شارستانیەتێکی نوێیە.

بەشێوەیەکی گشتی لە فیکری گرامشیدا، بایەخ و گرنگییەکی زۆر بە سەرخان [واتە کەلتور و فیکر و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەدرێت] و یاسا بابەتییەکانی مێژوو دادەبەزێت بۆ پلەی دووەم. حەتمیەت و دیتەرمینیزم لەگەڵ ئیکۆنۆمیزم و ئابوریگەراییدا دواجار لە فیکری گرامشیدا جێیەکی ئەوتۆی نیە. مارکسیزمی ئایدیاڵیستی و فەلسەفیی گرامشی، لەڕاستیدا خاڵییە لە هەر جۆرە بونیادێکی [ئابوری و] ماتریاڵیستی و، ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیشی بریتیین لە: ئایدۆلۆژیای خەڵک و جەماوەر، فەلسەفەی ئایدیاڵیستی و ڕێکخراوی سیاسیی حیزب. بەم جۆرە، گرامشی، جارێکی تر ماتریاڵیزمی مارکسی لە کەوڵێکی ئایدیاڵیزمی فەلسەفیدا دەردەخاتەوە و، لەڕاستیدا فیکری مارکس کە خۆی لە ڕاز و تەمومژی داماڵیبوو، دیسان ڕازئامێز و فەلسەفی دەکاتەوە، یان بە دەربڕینێکی تر: مارکس دەخاتەوە سەر تەوقی سەر. گرامشی خۆی بەئاشکرا لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێت ڕەگەزە ماتریاڵیستی و ڕیالیستییەکانی مارکسیزم داماڵێت و ئایدیاڵیزمێکی شۆڕشگێڕانە و مێژوویی لێ درووستبکەیت. ڕێسا بابەتییەکان و ڕەهەندی پوزەتیڤیستی و سەروومێژوویی یان زانستیی مارکس لە ڕوانینی گرامشیدا، جێی خۆی چۆڵدەکات بۆ مێژووگەراییەکی ڕووت و پەتی.

لە گۆشەنیگای گرامشییەوە، کۆی فیکر بە فیکری کۆمەڵایەتی و زانستی و مارکسیزمیشەوە کاتمەند و کاتەکی و تێپەڕە، چونکە پەیوەستە بە سەرخانی ئایدۆلۆژییەوە. کۆی زانستیش، هەر بەم جۆرە، شتێکی ئایدۆلۆژییە. دیالەکتیک تەنیا دەربارەی مێژوو و کۆمەڵگا نیە، بەڵکو سرووشتیش جگە لە مێژووی کۆمەڵایەتی هیچی تر نیە و لەم ڕووەوە بەشێکە لە دیالەکتیکی مێژوویی. «خۆ ناتوانیت لە مادە بکۆڵیتەوە لە خودی خۆیدا، بەڵکو دەتوانیت تەنیا وەک گوتەزا و چەمکێک کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە کە بۆ پرسی بەرهەمهێنان ڕێکخراوە، لێی بکۆڵیتەوە. بەم پێیە، زانستی سرووشتییش بە زاتی خۆی گوتەزایەکی مێژووییە، واتە پەیوەندییەکی مرۆییە»(Mciness, op, cit., p.103).

بەکورتییەکەی، گرامشی لە کاردانەوەدا دژ بە شکستی شێوازە بەلشەفیکییەکان لە ڕۆژئاوادا و، بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ستالینیزمدا لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێت جەخت لەسەر ڕەگەزی فەلسەفی و ئایدیاڵیستی بکرێتەوە لە هەناوی مارکسیزمدا. بە دیدی ئەو، ئەو چاوەڕوانییەی کە گوایا دژیەکییە بابەتییەکان خۆیان بۆ خۆیان دەبنەهۆی گۆڕانکاریی سیاسی، شتێکی پوچ و بێهودەیە. گرنگترین لەمپەرەکانی بەردەم شۆڕشی ڕاستەقینە، لەمپەری فەلسەفی و کەلتوری و زەینییە. بە دیدی گرامشی، پێویستە بۆ دۆزینەوەی هۆکاری سەرەکیی شکستی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە ئاستی جیهاندا،

لەو بەماتریاڵیستیکردنە زیاد لە ڕادەی مارکسیزمدا بگەڕێین. لەڕاستیدا ماتریاڵیزم، ئافات و نەخۆشیی مارکسیزمی ڕووسی بووە. لە دیدی مێژووگەرای گرامشییەوە، واقیعی کۆمەڵایەتی بەتەواوی بەرهەمی عەقڵیەتی مێژوویی چینێکی کۆمەڵایەتییە و لێرەشەوە قسەکردن لەسەر یاسا بابەتییەکانی مێژوو شتێکی بێمانایە. لەڕاستیدا گرامشی بەهۆی نەفیکردنی تێڕوانینە کلاسیکە دوالیستییەکەی ژێرخان وسەرخانەوە، بەدوای زیندووکردنەوەی سەربەخۆیی ئایدۆلۆژیا و کەلتورەوە بوو [واتە سەرخانی ئایدۆلۆژی لە ژێرخانی ئابوری دابڕێت و سەربەخۆیی بداتە ئیشکردنی ئایدۆلۆژیا لە مێژوودا]. لە ڕوانگەی ئەوەوە، بۆ لەناوبردنی هەیمەنەی سەرمایەداری، پێویستە سەرەتا دزەبکەینە ناو دامەزراوە کەلتوری و فیکرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە مارکس لە دوایین تێزی خۆیدا دەربارەی "فۆیەرباخ" سەبارەت بە کۆتایی ئیشی فەلسەفە باسیکردووە، کەچی ئەرکی فەلسەفە هێشتا کۆتایی نەهاتووە. ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژانی داهاتوو، لە کۆمەڵگای تەواو بەعەقڵانیکراودا، کۆی فەلسەفە ئاوابێت و باربکات. بەڵام لە دونیای واقیعیی دیکتاتۆریەتە سەرمایەدارییەکاندا، تاکە ململانێی ڕاستەقینە لەنێوان فەلسەفەی شۆڕشگێڕانە و فەلسەفەی کۆنەپەرستانەدا ڕوودەدات.

مارکسیزمیش تەنیا ئەو کاتە وەک فەلسەفەی ژیان و حەیات پەسەنددەکرێت، کە ببێتە بزاڤێکی جەماوەری و دەستەجەمعی. وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە پانتایی "ڕۆح"ەوە دەستپێدەکات [بە زمانە هیگڵییەکە]. بەم جۆرە، گرامشی لە کاردانەوەدا دژ بە فراوانبوونەوەی بزاڤ و ئایدۆلۆژیای جەماوەریی فاشیزم، وابیریدەکردەوە مارکسیزم بگۆڕێت بۆ فەلسەفە یان ئایدۆلۆژیا [وەک سیستەمێکی ئایدیایی بۆ گۆڕینی دونیا].(Ibid, chap. 3.)

سەرچاوە:


- تەوەرێکی کورت لە لێکۆڵینەوەیەکی دووبەرگیی دکتۆر حسێن بەشیریە، بەناوی (اندیشەهای مارکسیسی، تاریخ اندیشەهای سیاسی در قرن بیستم، جلد اول، نشر نی، ١٣٧٦-١٣٧٨)